# ئاكار و ئایین

د. حەمید عەزیز
(زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی ئاداب)
(٢- ٢)

٦- لە شاری بەسرە (سەدەی چواری كۆچی) تاقمێک هزرمەند و زانایانی کەلام و فەیلەسووف بەناوی (ئیخوانی سەفا) دەرکەوتوون، بە تەواوەتی ناویان نەزانراوە، ئەوەندە نەبێ کە سەر بە مەزهەبی شیعەن. بەرهەمەکانیان کە بەناوی (پەیامەکانەوە) بڵاوکراوەتەوە، ناوی هیچ نووسەرێکی لەسەر نییە. لەو پەیامانەدا زۆربەی هەرە زۆری بابەتی فەلسەفە و زانستی کەلام و کاروباری ئایینی تاووتو کراون. ئەوی بەلای ئێمەوە مەبەستە، لایەنی ئاکارە لەو پەیامانەدا کە جیهاندیدی ئەو کۆمەڵە نهێنییەی فەیلەسووفانە بەرجەستە دەکات کە بە ئیخوان ئەل سەفا ناسراون:

- بەپێی سەرچاوەکان دوو لایەن لەو بەرهەمە ئاکارییانەدا سەرنج ڕادەکێشن:

**یەک:** هیچ جۆرە کۆششێک بۆ دانانی بنەمای تیۆرییەکی سەربەخۆی ڕێکوپێکی ئاکاریی بەرچاو ناکەوێت کە میتۆدە و ناوەرۆکی دیار بێت.(١٠)

**دوو:** وەک چەند هزرمەندێک کە پەروەردەی ئایینییان هەبووە، ئیتر لە مزگەوتەوە بووبێ، یان لە حوسەینییە و حەوزە، بایەخیان بەلایەنی کردەکی ئاکار داوە بە جۆرێک کە سنووری قەڵەمڕەوی ئایینەکە نەبەزێنێ، بەڵام نکوڵی لەوەش ناکرێ کە شوێنەواری فەلسەفەی یۆنانی بە گشتی و ئاکاری مامۆستای یەکەم ئەرستۆ بە بۆچوونەکانیانەوە دیار و ئاشکرایە، ئیتر

ئەمەیە هۆکارەکە بۆچی ئەو تاقمە نەیانتوانیوە یەکلایی بکەنەوە ئایا:

چاکەکاری و بەدکاری (پاداشت و سزا) کە بابەتی سەرەکی ئاکارە، کێشەیەکی شەرعی ئایینە، یان هی ژیر و فەلسەفەیە؟! بۆ کاڵ کردنەوەی ئەو کێشەیە، وای بۆچوون کە گشت جۆرێکی زانین ئامانجێکی ئاکاری هەیە و ئەم ئامانجەش سروشتێکی ئایینی (١١) هەیە و ئەو سنوورە نابەزێنێ، کەوابوو جۆرە پێوەندییەک لەنێوان بابەتی شەرعیی ئایین و بابەتی ژیر و فەلسەفەدا هەیە. ئەو هەڵوێستە لەخۆیدا جۆرە لاکردنەوەیەکە لە جیهاندیدی ژیرەکی موعتەزیلە، خۆیشیان لە بنەڕەتدا شیعە مەزهەبن!

- ئەو کۆمەڵە هزرمەندە بابەتی ئاکار دەکەن بە دوو جۆرەوە:

یەک: ئاکاری تاکەکەسان.

ئەو جۆرە ئاکارە لەوەدا بەرجەستە دەبێ مرۆڤ گوێڕایەڵی بنەما و ڕێنماییەکانی قورئان و فەرموودە بێ و ئەوانە جێبەجێ بکات کە ڕەب فەرمانی پێ کردووە، چونکە ئەوەی ڕەب بیڵێ و بیکات، باش و چاکەکارییە و ئەوەی نای لێ کردووە و قەدەغەیە، بەدکاری و گەندە. هەر بەو پێیە مرۆڤەکان دەکرێن بە چەند جۆر و بەشێکەوە: دانا و فەیلەسووفان ئەمانە کاروکردار و هزریان بە ژیر و لۆجیک پشت ئەستوورە و بە خواستی خۆیان چاکەکارن و دەزانن چی چاکە و چی بەدە. جۆری دووەمیان دەزانن چاکە و بەدکاری چییە، کەچی چاکەکە ناکەن و ڕوو لە بەد و بەدکاری و خراپە دەکەن.

ئاکاری ڕاستەقینە ئەوەیە هاندەری چاکەکاری بێت لە پێناوی خۆیدا نەک لە پێناوی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو. ئەگەر ئەو چاکەکارییەی مرۆڤ دەیکات، مەبەست و ئامانج و سوود و قازانجێکی لەدواوە بێت چاکەکار نابێ، بەڵکوو ڕیایی دەبێ. هەر بەو پێیە جۆرەکانی چاکەکاری و ڕیاکاری لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. (١٢)

- تاکە بەرهەمێکی سەربەخۆ کە بەناوونیشانی ئاکار لە فەلسەفەی ئایینیدا بەرچاو بکەوێ (تەهزیبی ئاکاری) ئیبن (مەسکەوەیهی)یە، هەروەها بە مەسکەوەیهی ناودەبرێ. خۆی لە بنەماڵەیەکی زەردەشتی بووە و بوون بە موسڵمان، شارەزاییەکی تەواوی لە ئایینە کۆنەکە و کولتووری فارسیدا هەبووە. فەلسەفەی یۆنانی بە تایبەتی ئاکاری نیکۆماخوس سەرچاوەی بۆچوونەکانی بووە، بەڵام ئاوێتەی ئایینی ئیسلامی کردووە. بەپێی سەرچاوەکان لەسەر دەستی ئەو هزرمەندە، دەستەواژە و ڕێنماییە ئاکارییەکان لە جۆرە ئامۆژگاری فرمان پێکردنەوە بوون و کراون بە بابەتێکی ئاکاری سەربەخۆی پشت ئەستوور بە فەلسەفە. بۆ نموونە کە قسە لە بنەماکانی ئاکار دەکات (چاکەکاری و بەدکاری) ئایەتی قورئان و فەرموودە دەهێنێتەوە و ژیان و کرداری سەحابەکان (باوەڕانی پەیامبەر) دەکات بە نموونە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی. (١٣)

٧- وەک لەو بەرهەمەیدا دەرکەوتووە مەسکەوەیهی بۆ سوود وەرگرتن لە میتۆدەی ژیرەکیی فەلسەفە هەوڵی داوە، هەردوو بابەتی نەقڵ و ژیر، فەلسەفە و شەریعەت ئاوێتەی یەکتری بکات. بەلای (ئیبن خەلدوون)ـەوە ئەو هەوڵەی ئەو هزرمەند و فەیلەسووفانە لەوەوە سەرچاوەی ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵانەی لە باوەڕ و بڕوادا (عەقیدە و ئیمان)دا کراون، چونکە هەندێک لەو بابەتە کێشە لەسەرانە دەکرێ بەهێزی ژیر پەیان پێ ببرێ (١٤).

لێرەوە پێوەندی دەستیاوی لەنێوان فەلسەفە و ئاییندا هەڵدەبەسترێ و پێ لەسەر بوونی

دوو ڕاستی (هەقیقەت)دا دەگیرێ: ڕاستی باوەڕ و ئایین لەگەڵ ڕاستی ژیر و فەلاسەفە. ئەو ڕەوشە لە بۆچوونە ئاکارییەکانی (مەسکەوەیهی)دا بەرجەستە بووە، بە تایبەتی ئەوەی بەهۆی ڕوانین و بیرکردنەوە و ژیرەوە دەکەوێتە ڕاستتر و پایە و پلەی لەوە بەرزتر و بنەمایەکی پتەوتری هەیە لەچاو ئەوەی مرۆڤ گوێبیستی بووە و دەبێ! ئەو بابەتە لە زانستی کەلام و فەلسەفەدا کاتی خۆی بە (سەمع و نەزەر) ناویان بردووە، بەڵام کاتێک باسی بەختەوەری کراوە وەک دوو ڕاستییەکە، بەختەوەری ژیانی سەر زەوی (دنیا) لە هی دوای مردن (قیامەت) جیاکراوەتەوە و ئەمەیانی بە بنەڕەت و ڕاستەقینە و هەمیشەیی داناوە.

– مەسکەوەیهی لە سەرەتای بەرهەمەکەیدا دەڵێ مەبەستمان لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە بنەمای ئاکارێک ڕەنگ بڕێژرێ هەموو کار و کردارە جوان و چاکەکارییەکانی لێوە بکەونەوە، ئەمەش کاتێک دەستەبەر دەبێ کە خۆمان، دەروونی خۆمان بناسین، ئیتر بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونەی (ئایەتی ٧ – ١٠ لە سورەتی ئەل شەمس دەهێنێتەوە)! بابەتی ئاکار وەک لقێکی فەلسەفە (لە هەندێک سەرچاوەدا بە زانستی ئاکار ناوی دەبەن، ئەمەش بەلای منەوە دروست نییە) ڕەنگی ئەو قانوون و ڕێنماییە بنەڕەتییانە دەڕێژێ کە پێویستە مرۆڤی چاکەکار لە ژیانی ڕۆژانە و کار و کرداریدا پێیانەوە پابەند بێت. هەر لێرەدا و لەو بابەتە خۆی خواست، هەڵبژاردن، کردەوە و کاری ئازاد و تاقیکردنەوە و ئەزموون (تەجرەبە و خیبرە) ڕۆڵی دیار و بەرچاو لە کار و بیرکردنەوە و بڕیاری ئاکاریدا دەگێڕن!.

– ئەو هزرمەندە هەوڵی داوە پشت ڕاستی بکاتەوە کە مرۆڤ لە لەش و دەروون پێک هاتووە، بەڵام دەروون ئەوپەڕی جیاوازە لە لەش. بەڵگەکەشی بەو جۆرەیە:

لەشی مرۆڤ لە یەک ڕەوش، یەک ڕەنگ، یەک دۆخ پتر وەرناگرێ و پێی هەڵناگیرێ. نموونەی مێو دەهێنێتەوە کە ئەگەر وێنەیەکی لەسەر دروست کرا جێگەی وێنەیەکی دیکەی لەسەر نابێتەوە، دەبێ وێنەی یەکەم بسڕدرێتەوە، ئەوجا وێنەیەکی تر وەردەگرێ (تهذیب:ل١١) لەشی مرۆڤیش هەروایە، بەڵام دەروون جۆرێکی ترە، وێنەی جیاواز لە یەک کاتدا وەردەگرێ و ڕەوش و دۆخی جیاوازی بەسەردا دێت و قبوڵیان دەکات! لەلایەکی ترەوە بەهۆی شت فێر بوون و خوێندن و پەروەردەوە دەروون و تێگەیشتنی مرۆڤ بەهێزتر و تۆکمەتر دەبێ، کەچی لەش ماندوو و شەکەت و پیر دەبێ!

– لەو بەرهەمەدا باسی پێوەندی نێوان خواست و چاکەکاری و بەختەوەری کراوە. بەختەوەری بەبێ چاکەکاری (ڕەند– فەزیلە) دەستگیر نابێت پشت ئەستوور بە فەلسەفەی یۆنان بە گشتی و ئەفلاتوون و ئەرستۆ بە تایبەتی چاکەکاری دەکات بە چوار جۆرەوە:

**یەک:** چاکەکاریی دانایی ئەمەش پێوەندی بە دەروونی ژیرەوە (ناطقة) هەیە. بە هۆیەوە کاروباری ڕەبانی و مرۆڤیی دەناسێ و پەیان پێ دەبات و بەهۆیەوە بڕیار دەدات چی بکرێ و چی نەکرێ و پشتگوێ بخرێ.

**دوو:** چاکەکاریی دەست و داوێن پاکی: ئەمە دەچێتە خانەی حەز و ئارەزوو (شەهوانیەت)، ئەمەش دەستەبەری ئەوە دەبێ مرۆڤ نەبێ بە ملکەچی حەز و ئارەزووەکانی. مەسکەوەیهی لێرەدا ئاماژە (بە ئایەتی ١٤ی سورەتی ئال عمران) دەدات بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی.

**سێ:** چاکەکاریی ئازایەتی: ئەمە ڕەندی دەروونی تووڕەییە. لەو ڕەوشەدا مرۆڤ لە کاروباری

تۆقێنەر ناترسێ و ترس دایناگرێ ئەگەر هاتو کردارەکەی جوان بوو، پشووشی درێژ بێ!

**چوار:** چاکەکاری دادپەروەریی: ئەم چاکەکارییە لە ئەنجامی پێکەوە کۆبوونەوە و پێکەوە هاوکاری یەکتری کردنی سێ چاکەکارییەکە دەکەوێتەوە.

هەر یەکێک لەو چاکەکارییانە دەکەونە ناوەڕاستی دوو بەدکارییەوە: یەکێکیان زیادەڕۆییە، ئەوی دیکەیان کورت هێنانە (تهذیب: ص٢١).

٨- بەلای مەسکەوەیهی بنەما و بڕیارە (حوکمە) شەرعییەکان ئەگەر بە تەواوەتی لێیان تێ بگەیشترێ لە ڕێبازێکی ئاکاری بەولاوە نین، چونکە بنەماکانیان خۆشەویستییە ئیتر خۆشویستنی ڕەب، مرۆڤ بێ، ئایین لەلای خۆیەوە چالاکییەکی ئاکاریی دەروونی ئاییندارانە، نوێژ و ڕۆژوو و حەج، تۆی چاکەکاریی لە دەروندا دەچێنێ و فێری خۆشەویستیان دەکات و کۆبوونەوەیان بۆ نوێژی بە کۆمەڵ گیانی کۆمەڵایەتی جێگیر دەکات، ئەمەیە ئاکاری ڕاستەقینە (تهذیب: ص٩٤ – ٩٥).

– چاکەکارییەکان دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

**یەک:** چاکەکاری تیۆریانە، ئەمانە دەچنە خانەی هزری پەتی و ژیرەوە.

**دوو:** چاکەکاری کردەییانە بەشێکی سەرەکی زانستی ئاکارن و هاندەری ئەو بیروبۆچوونانەی مەسکەوەیهی ئەگەرچی سنووری ئایینیان نەبەزاندووە و پشتیان بە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەستووە، تەنانەت تاکە گوڵێکیان نەخستووەتە سەر خەرمانی زانستی ئاکار، بەڵام بە دەستپێشخەرییەکی دەگمەنی سەردەمی خۆی هەژمار دەکرێ، یەکەم هزرمەندە کتێبێکی سەربەخۆ دەربارەی ئاکار دابنێ، بگرە تاکە کتێبی سەردەمی خۆی بووە (سەدەی یازدەی) کۆتایی سەردەمی حوکمڕانی عەباسییەکان بووە.

– مەسکەوەیهی لەوە تێگەیشتووە کە تاکە ئامانج و ئامانجی سەرەکی مرۆڤ لە ژیاندا لە بەختەوەریی بەولاوە نییە! بەڵام چ بەختەوەرییەک؟ ئایا هەر چاکەکاریی بە تەنیا (ئیتر پەرستن و نوێژ و ڕۆژوو، دوورکەوتنەوە لە بەدکاریی بێ) تاکە ڕێگەی گەیشتنە بە بەختیاریی. لەو جیهانە پان و بەرینەدا ئامرازێکی دیکەی گەیشتنە ئەم ئامانجە نەما قسەی لێ بکرێ؟ هەڵوێستی ئەو هزرمەندە و پێش ئەویش فەیلەسووفە موسڵمانەکانە کە قسەیان لە داد و ئازادی و چاکەکاریی و بەختەوەریی (بابەتەکانی ئاکار) کردووە لە نێوان دوو بەرەی لە یەکتری لە سەنگەردا گیریان خواردووە: بەرەی لاهووت (شەریعەت) و بەرەی فەلسەفە (بیری ئازاد) و ژیر. بەرەی یەکەم دەرگای توێژینەوەی ئازادی داخستووە و هاوردەکانی سرووش (وەحی) بە بەڵگەنەویستی پیرۆز داناوە لە ناوەڕۆک و واتا و دەلالەتدا سەربەخۆن و سنووری توانایی بڕکردنی ژیر دەبەزێنن، بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ژیر و لۆجیک نادرێ تاووتویان بکەن و لێیان بکۆڵنەوە! بەڵکوو ئەرکی ژیر لێرەدا لەوە بەولاوە نییە کە تێیان بگات و کۆشش بکات لە کرداری ژیانی ڕۆژانەدا پیادە و جێبەجێیان بکات! ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ سەرئاو بکەوێ:

لەو هەلومەرجە سەختەدا کە دەرفەتی هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئازاد نەدراوە، دەبێ هزرمەندی وەک فارابی و مەسکەوەیهی نەک چییان لە دەست بێ، بگرە دەتوانن بوێری چ شتێک بکەن بڵێن و بینووسن؟! بۆچوونەکانی ئەشعەری و دواتر شافیعی و حەنبەلی ڕاستی ئەو قسەیە ساغ و پشت ڕاست دەکەنەوە! هیچ بڕیارێک ڕێگە نادرێ بکرێ و هیچ کارێک ناکرێ بکرێ ئەگەر پشت ئەستوور نەبێ بە قورئان و فەرموودە! کرداریش بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە وا لێکدراوەتەوە کە لەو دوو جۆرە تێناپەڕێ:

**یەک:** یان ئەوەتا ملکەچی ئایین و بنەماکانی و گوێڕایەڵی فەرموودەکان بێ و بە ئازادی بچێتە ژێر ئەو بارەوە کە بەند و کۆیلەی ڕەبی داهێنەری بوون بێت، ئەمەش چاکەکارییە و بەختەوەریی دنیا و قیامەتی بۆ دەستەبەر دەبێ! چۆن بیر لە دانانی بنەماکانی ئاکاری سەربەخۆ بکرێتەوە؟ یان:

**دوو:** کردارەکە بەدکاریی و گومڕاییە! سەرپێچییە لە گشت فرمانەکانی ڕەب و ئایین و ڕیسوای دنیا و قیامەت دەبێ و مایەپووچ دەردەچێ ئەگەر نەشخرێتە سەر ساجی عەلی! ئەو جۆرە هەلومەرجە، ئەو کەشوهەوایە لە ڕازی بوون بە ناچاریی بە هەڵکەوتی لە ئارادابوو (واقیع) بەولاوە شتێکی دیکەی نە لێ هەڵدەکەوێ و نە لێی دەکەوێتەوە!

٩- لە بابەتی ئاکاریی ئایینیدا کە بەشێکی خراوەتە ڕوو، وێنەیەک لە مێشکیدا دەنەخشێ کە ئەو میللەتانەی عەرەب نەبوون و بوون بە موسڵمان، یان پارێزگاری ئایینی خۆیانیان کردووە و لە قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی عەرەبدا ژیاون، هیچ کێشەیەکی زمان و نەتەوە و چین و کۆمەڵایەتییان نەبووبێ و وەک ئەوەی هاتنیان بۆ ناو ئیسلام کێشەی جیاوازی دابونەریتیان نەمابێ!! بە هیچ جۆرێک لە وردەکارییەکانی بابەتی ئاکاردا ئاماژەی ئاشکرا بەو لایەنە نەدراوە! ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە و چ پاساوێک لە خۆیدا هەڵدەگرێ؟

ڕاستە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە کە جیاوازی لەنێوان عەرەب و ناعەرەب (الأعجمي) ناکرێ و گرینگ پەرستنە (تەقوایە)! ئایا دەکرێ ئەمە ئەو هۆکارە بووبێ ئەوەی لێ بکەوێتەوە لە بابەتی ئاکاردا ئەو جیاوازییانە ئاماژەیان پێ نەدرێ؟! ڕاستە میللەتێکی باستانی (کۆنینە) خاوەن کولتووری وەک ئێرانییەکان دەستبەرداری باب و باپیریان بوون، تەنانەت چەند سەدەیەک بیریان لە نووسین بە زمانەکەیان نەکردووەتەوە و خزمەتی زمان و کولتووری عەرەبیان کردووە، بەڵام بۆ ساتێکیش بە تەواوەتی و یەکجارەکی دەستبەرداری دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کولتوورەکەیان نەبوون، ئەوە تا فیردەوسی لە شاکاری (شاهنامەکەیدا) چی نووسیوە؟!

- لە ئەدەبیاتی سەردەمی بەنی ئومەییە و دواتر لەلای هەندێک ئاراستەی عەبباسییەکان، ئاماژە بەو موسڵمانانە دراوە کە بە نەتەوە و زمان عەرەب نەبوون و پێیان گوتراوە (موالي!) سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی (شعوبیەت) سەرەڕای ئەوانەی باس کران، ئەو ناکۆکی و جیاوازییە هەمەڕەنگ و هەمەڕەهەندانەیان تۆمار کردووە کە لە کۆمەڵگەی ئەوسای قەڵەمڕەوی ئیسلامی ژێر دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەبدا هەبووە، کەچی بە هیچ جۆرێک بابەتێکی ئاکار دەرنەکەوتووە کە ئەو ڕەوشەی تۆمار کردبێ. ئەو بیروبۆچوونە ئاکارییانەی لەو سەردەمەدا نووسراون و بە کتێبی (تهذیب)ی (مەسکەوەیهی)یەوە ئاکاری ئەو ئایینە بوون کە بە زمانی عەرەبی لە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە و هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو میللەتانەوە نەبووە کە کراون بە موسڵمان، یان خۆیان بە خواستی خۆیان ئایینە هاوردەکەیان پەسند کردووە! دوور نییە بگوترێ ئایینەکە بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە عەرەبی بووە، زمان و کولتوور و دابونەریتی عەرەبی زیندووکردووەتەوە و پاراستوویەتی و پەرەی پێ داوە. لە هەموو ڕەهەندەکانیدا کەسایەتی مرۆڤی عەرەب بەرجەستە بووە، بۆیە دەکرێ ئاکارەکەش کە لە سێبەری ئایینەکەدا گەشەی کردووە بە ئاکاری نەتەوەی عەرەب ناو ببرێ!

- پرسیارێک کە لێرەدا سەرئاو دەکەوێ و لە

چوارچێوەی گازندە و ڕەخنەکردندا دەکرێ:

ئەو بۆچوونە جیاوازی سەرەکی نێوان ئیسلامی فەرمی و ئیسلامی میللی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەم دووانە دوو دیاردەی لە یەکتری جیاواز بوون، هەر لە سەرەتای حوکمڕانی دەسەڵاتی بەنی ئوممەیە و عەباسییەکانەوە! هەروەها دیاردەی دەرکەوتنەوەی مەهدی چاوەڕوان کراو و خدر و ئەلیاس (لە کوردیدا خدری زیندە) پشتگوێ دەخات؟!

ئەو پرسیارە و ئەو بابەتانەی ئاماژەی پێ دان، جگە لە ڕەهەندی ئاکاریی لایەنی ئایدیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و ئایینیان هەیە! بە گشتی خەسڵەتی ترانسندێنتی ئەو ئایینە دەردەخەن کە لەکۆتایی دەسەڵاتی ستەمکاری بەنی ئوممەیە و عەباسییەکاندا، زانایانی کەلام و بنەما (ئسوڵی) ئایین و فیقهو شەریعەت کە تاک و تەرایان نەبێ عەرەب نەبوون، ڕەنگی سەرخانەکەیان ڕشتووە، لەگەڵ ئەو ستەم و جەور و بێ دادییەی بەناوی ئایینەوە لە خەڵکی سادە و ساکار کراوە کە غەزالی بە (عەوام) ناوی بردوون! هەر لە چوارچێوەی ئەو ئیسلامە میللییەوە ئەو ڕابەرانە دەرکەوتوون کە چوونە ژێر باری قورس و سەختی گۆڕین و پەرەپێدان و چاکسازییەوە، چاکسازییەک لە کاروباری ئایینەکەدا بە جۆرێک کە خەسڵەتێکی مێژوویی پێ ببرێ و ئارێ و پۆزەتیڤانە لە ژیانی خەڵکی سادە و ساکار ڕۆڵی کارای هەبێ! بەڵکوو لە کێشەوە ببێ بە ڕێگەچارەی کێشەکانی مرۆڤ لە کاروباری ڕۆژانەیدا.

- دەربارەی بنەماکانی ئاکاری ئەو دوو سەردەمە (ئەمەوی و عەبباسی) خەلیفە و میر و سەرکردەکانی لەشکر و دەستەبژێر و زانایانی ئایین (نزیک لە دەسەڵاتەوە) بەسەرکەوتووترین شێواز پشتیان بە ئایینە فەرمیەکە بەستووە و بەپێی بیرکردنەوە و سوود و قازانجی خۆیان ڕەنگی نموویەکی بەهاکانی ئاکاری نموونەیی ئایینیی (ئیسلامیان) ڕشتووە کە سنووری گشت سەردەم و کات و جێگەیەک ببەزێنێ و ئازاد بێ لە هەموو ڕەوش و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی و دەبێ بەپێی بنەمای پیرۆزیی بە ناچاریی ئەو نموونەیەی بەهای ئاکار پەیڕەو و پیادە و جێبەجێ بکرێ و ناکرێ و نابێ بیر لە تاووتو و لێکدانەوە و گومان کردن لێوەی بکرێتەوە! ئەمە بووە جیهاندیدی شەرعی- ئایینی ڕەوتی ئیسلامی! کە هەر لە سەرەتای دەستپێکییەوە هەموو جۆرە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی- دنیایی- مرۆڤی لێ زەوت کراوە.

- لە بەرانبەر ئەو ڕەوشە ڕەها و سەرتاپاگیرە کە هیچ کونوکەلەبەرێک نەماوە دەستی نەیگەیشتبێتی و کایە نەماوە کۆنترۆڵی نەکردبێ! ناکرێ ئەو پرسیارە کە تایبەتمەندی ڕوونکردنەوەی هەیە، نەکرێ و نەورووژێنرێ:

گشت زانایانی کەلام و فیقهو شەریعە و بنەما (ئسوڵی) ئایین و فەیلەسووفەکان قسەیان لە بەختەوەری و چاکەکاری کردووە! ئایا بەختەوەری لە خۆیدا و بۆ خۆی قۆناغە، یان بارودۆخە (ڕەوشە) مرۆڤ پێی دەگات، یان پێیدا تێدەپەڕێ؟! ئایا کام لەو زانایانە لە ژیاندا بەختەوەر بووە و بەو ئەزموون و تەجرەبەیەدا تێپەڕیوە تاوەکوو قسەی لێوە بکات و داوا لە خەڵک بکات بە گوێی بکەن و پابەندی پەیڕەو بن؟ دەکرێ مرۆڤ شتێکی نەدیبێ، باسی بکات؟! بەڕێز تۆ خۆت بەختەوەریت دیوە وا بۆمان باس دەکەی؟!

ئاکارێک کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبێ، هەڵقوڵاوی ژینگە و دەوروبەری ڕۆشنبیری و کولتووری و ئایدیۆلۆجییە و لە ئاستی کولتووری و ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی خەڵکدایە

و دەرفەتـی ئاکارێکـی نموونەیـی ئایدیالیسـتی پەتـی (ئەبسـتراکت) ئاسـان نـاکات و ئـەو جـۆرە ئـاکارە و ڕێنمایـی و بناماکانـی کـە لـە دەریـای بـێ بنـی پەتیدا نقوم بوون، دەستکردی ئەو زانایانەی کەلام و ڕابەرانـی ئایینـی و زانایانـی فیقهـو (ئسـوڵە) کـە لـە دەوڵەتـی ئەوسـادا وەک ڕاوێـژکار و دادوەر پلـە و پایـەی شیاویان هەبـووە و لـە نـاز و نیعمەتـدا بـوون و ئاگایـان لـە خەڵکـی سـادە و سـاکاری سـەردەمی خۆیـان نەبـووە وەک غەزالـی وتەنـی (المضنـون بهـا علـى غيـر أهلهـا) جووڵاونەتـەوە.

١٠- ئەگەرچـی مەسـیحییەکان بـە کتێبەکـەی خۆیـان (ئینجیـل) دەڵێـن (پەیمانـی نـوێ) لـە بەرانبـەر تەوراتـی جوولەکـەدا کـە بـە (پەیمانـی کـۆن) نـاوی دەبـەن، بـەڵام ئـەوی ڕاسـتی بـێ ئـەو ئایینـە لـە چـاو ئایینـی جوولەکـەدا دوو خاڵـی جێگیـر کـردووە:

**یـەک:** ئەوەنـدەی پێوەنـدی بـە بابەتـی ئـاکار و ژیانـی کۆمەڵایەتییـەوە هەیـە بـە چەنـد هەنگاوێـک بـەرەو دواوە گەڕاوەتـەوە. ئەگـەر مووسـا میللەتـی بژاردەی ڕەببـی (عیبرانییـەکان) لـە سـتەم و بەنـدە و کۆیلایەتـی فیرعـەون ڕزگار کردبـێ، عیسـای کـوڕی مریـەم وەک لـە ئینجیلـی مەتتـادا هاتـووە داوای جێگیرکردنـی بنەمـای بەندەیـی و کۆیلایەتـی کـردووە. عیسـای مریـەم گوتوویەتـی:

(ئەگـەر زللەیەکیـان لـەلای ڕاسـتت دا، لای چەپتـی بـۆ ڕاگـرە (ئینجیـل بـە ئەڵمانـی: مەتتـا: ٥: ٤٠- ٤٢) ئـەو قسـەیە بـە هیـچ جـۆرێ بۆنـی ئـازادی مرۆڤـی لـێ نایـەت.

**دوو:** جوولەکـە ئایینێکـی ئیبراهیمییـە، هـەردوو سروشـتی دنیـا و قیامەتـی ئاوێتـەی یەکتـری کـردوون، تەنانـەت ڕەب قسـەی لەگـەڵ مووسـا کـردووە و بـە زمانـی ئـەوان دواوە، کەچـی مەسـیحییەت دوای چـوار مێخەکێشـانی یەسـووعی مەسـیح (عیسـای مریـەم) بـە تەواوەتی لە ڕەوشـی پەتـی کردنـدا (ئەبسـتراکت) نقـووم بـووە. هانـی لایەنگرانـی دەدات بـە یەکجاری پشت بکەنـە دنیـا و ڕووبکەنـە قیامـەت کـە ئـەوان بـە (مەملەکەتـی ئاسـمان) نـاوی دەبـەن. بـەو جـۆرە ژیانـی سـەر زەوی لەبەرچـاو سـووک کـراوە. ئـەو پاسـاوانەش کـە بـۆ هاتنـی ئایینەکـە و پەیامبەرەکـەی (کـە ئـەوان بـە ڕۆڵـەی ڕەب) نـاوی دەبـەن بـە هیـچ بنەمایـەک پەسـند ناکرێـت:

مرۆڤ سروشـت ئاسا بەهۆی هەڵەکەی ئادەمەوە گوناحبـارە، ڕەب ئەوەنـدە بـە بەزەییـە ڕۆڵەکـەی خـۆی (یەسـووع) ناردووە بـۆ ئـەوەی ئـەم هەمـوو ئێش و ئـازارە بکێشـێ و لـە دواییـدا لـە چوارمێخە بکێشـرێ بـۆ ئـەوەی کەفارەتـی گوناحـی خەڵـک بـدات (گونـاح و بـاری سەرشـانیان سـووک بـکات) و ئەسـتۆ پاکییـان بـۆ دەسـتەبەر ببـێ!

باشـە کـەس نـا بـۆ دەبـێ عیسـا (یەسـووع مەسـیح) بچێتـە ژێـر ئـەو بـارە سـەختەوە و ئـەو مەینەتـە بچێـژێ بـۆ ئـەوەی خەڵـک ئـازاد بـن؟!

- دوای ئـەوەی مەسـیحییەت لـە ڕۆژهـەڵات بـاری کـردووە و لـە ئەوروپـا و ئەمریـکا و ئەمریکای لاتیـن جێگیـر بـووە، ئەگەرچـی لـە سـەرەتاوە بەنـاوی گومڕاییـەوە (کوفـر و ئیلحـاد) کولتـووری ئـەو میللەتانـەی سـڕیوەتەوە و کولتوورێکـی نامـۆی لـە ڕۆژهەڵاتـی دەریـای سـپییەوە هاتـوو (ئۆرشـەلایم - ئیسـرائیلی ئێسـتای) بەسـەردا سـەپاندوون، دوای چەنـد سـەدەیەک دەسـەڵاتی ڕەهـا و سـنوور بەزێنەکـەی ناچـار کـراوە لـە کەلـی شـەیتان بێتـە خـوارێ و دەسـتبەرداری بڕێـک لـە بنەمـا و داواکارییەکانـی ببـێ و لـە دەسـەڵاتی سیاسـی پاشەکشـە بـکات. دیارترینـی ئـەو دۆخـە نوێیـە کۆششـە سـەرکەوتووەکەی زانـای ئایینـی بـە نەتـەوە ئەڵمـان مارتـن لۆتـەر بـووە. ئـەو هەوڵـەی ئـەو

ڕابـەری مەسـیحی گۆڕانـی سـەرتاپاگیر و شـۆڕش ئامێـزی بەسـەر ئایینەکـەدا هێنـاوە.

– پرسیارێک کـە ڕووبـەڕووی ڕابەر و فەیلەسووف و زانایانـی ئایینەکـە بووەتـەوە، ئەوەیـە: ئایا مرۆڤـی کریسـتیان دەتوانـێ بەهێـز و توانایـی تایبەتـی خـۆی، بەبـێ یارمەتـی بنەما ئایینییەکانی کڵێسـە، بەبـێ پشـت بەسـتن بـە بەهـرەی ڕەببانـی، دەتوانـێ لـە کـردار و هـزر و ژیانـی ئاکاریـدا چـی لـە دەسـت بێـت و چ تواناییەکـی هەیـە؟!

– ئەو پرسیارە لە فەلسـەفەی مەسـیحی تەمومژاوی کراوە. لەو بارەیـەوە دوو هەڵوێسـت بـەدی دەکرێـن: یەکێکیـان محافـەزەکار و کۆنەپارێـز، ئـەوی دیکەیـان پتـر بـەلای فەلسـەفە و خواسـتی ئـازاد و ئازادیـدا شـکاندوویەتییەوە.

ئاراسـتـەی یەکـەم وای بردووەتـە مێشـکی لایەنگیرانییـەوە کـە مـرۆڤ لـە هـەر جێگە و شـوێنێک بێـت و سـەر بـە هـەر نەتـەوە و وڵاتێکی جیهان بێ بەبێ قەید و مـەرج پێویستی بـە پاکبوونـەوە هەیـە. ئـەو پاکبوونەوەیـەش تەنیـا و تەنیـا هـەر ئایینـی مەسیحی و بڕوا هێنـان بـە سێ ڕەنگی و یەسووعی مەسـیح دەسـتەبەر دەبـێ. ئەگـەر بەختـەوەری ئامانجـی سـەرجەم مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی بێـت، ئەوکاتـە پشـت ڕاسـت دەکرێتـەوە کـە مەملەکەتـی ڕەب دابمـەزرێ.

– ئاراسـتەکەی دیکـە پتـر بـەلای کاڵکردنـەوەی سروشـتی پەتـی و ترانسـندێتی ئایینەکـەدا هەنگاوی هەڵگرتـووە. ئەوەشـی دووپـات کردووەتـەوە کـە گشـت خەڵـک دەیانـەوێ بەختـەوەر بـن، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە خواسـتێکی پتـەو و قایـم و جێگیـر و نەگۆڕیـان هەبـێ و بـاوەڕ بـە بنەماکانـی مەسیحییەت بهێنن بـۆ ئـەوەی تـێ بگـەن و بزانـن پوختـە و گەوهـەری بەختـەوەری چییـە؟

لـەو هەڵوێسـتەوە ئـەوە کەوتووەتـەوە، کـە ئەگـەر بـە شـێوازێکی نیوەچڵـی و دەڵەمەییـش بووبـێ، ڕۆڵـی سەرووسروشـتی (ترانسـندێتی) ئاییـن تاڕادەیـەک لـە بابەتـی ئـاکار و کـرداری ڕۆژانـە بـە دوور بگیـرێ، ئەوجا پـێ لەسـەر ئـەوە داگیـراوە کـە ڕاسـتە گونـاح و بەدکاریـی ژیـان کـە بەختەوەرییـە، بـەڵام بەپێـی بۆچوونـی ئـەو ئاراستەیە بەدکاریی لەگـەڵ گونـاح دوو شـتی لـە یەکتـری جیـاوازن. (١٢)

– بەدکاریی و خەتـا، ئـارەزوو و مەیلێکـی بـەد و خراپـن مـرۆڤ هـان دەدەن شـتێک پەسـند بـکات کـە شـایەنی پەسـند کـردن نەبێـت، بـەڵام:

– گونـاح: ئەوەیـە شـتێک ڕەوا بکرێـت کـە لـە خۆیـدا هیـچ جـۆرە ڕەواکردنێـک هەڵناگرێـت. گونـاح لـە کاری پەسندکردنەکەشـدا دەبێـت.

بـەڵام بـەدکاری و ئارەزووکردنـی کاری گونـاح لـە خۆیـدا گونـاح نییـە، چونکـە خەتایەکـە لەوەدایـە مـرۆڤ هـان دەدات و وای لـێ دەکات ئـارەزوو، مەیلـی کاری بـەدی هەبێـت!

کردارەکان ئەگـەر لـە ڕوانگـەی ئاکارەوە سـەرنج بدرێـن، لـە خۆیانـدا و بـۆ خۆیـان لـە یەکتـری جیـاوازن و وەک یـەک نیـن، نیـاز و ئامانـج و مەبەسـت (نییـەت) دەیانخەنـە خانـە و نەزمـی ئاکارەوە، ئەمـەش دەبێتـە مایـەی ئـەوەی چـەوت، یـان ڕاستودروسـت بـن.

ڕاسـتە باوکانـی کڵێسـە و فەیلەسـووف و زانایانـی ئایینی مەسـیحی باسی خۆشەویستی و بەختەوەرییان کردووە، بـەڵام ئـەو باسـە ناچێتـە خانـەی ئاکارەوە، چونکـە بەختـەوەری و خۆشەویستی بەلایانـەوە ئـەو چێژەیـە کـە لـە بـڕوا هێنـان بـە ڕەب و یەسـووعی مەسـیح دەکەوێتـەوە!

ئـەوەی لـە فەلسـەفە و لاهووتـی مەسـیحیدا وەک ڕاسـتییەکی گومـان هەڵنەگـر دێتـە بەرچـاو ئەوەیـە: ئـەو ئایینـە پەنـای بـۆ فەلسـەفە و

لۆجیک بردووە بۆ ئەوەی وەک ئامرازێک بۆ داکۆکی کردن لە خۆی و جێگیرکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی سوودیان لێ وەربگرێ. بابەتی ئاکارەکەش کە ئایینەکە ڕەنگی ڕشتووە، لەو چوارچێوەیە ناچێتە دەرێ و ئەو سنوورە نابەزێنێ!

– دوور نییە لێرە بگوترێ، هەرچی هەیە و نییە ئۆباڵەکەی خراوەتە ئەستۆی ئایینەکەوە، باشە کەواتە ڕۆڵی تاک و کۆمەڵگە و نەزم و سیستم و دەوڵەت چی دەبێ و چییان بۆ دەمێنێتەوە؟!

ئایا چالاکیی ئاکارییانە تەنیا هەر دیاردەیەکە یارمەتی تاک دەدات بۆ ئەوەی کەسێتی و ناخی دەروونی خۆی دەرببڕێ!؟

ئەوەتا مرۆڤ خۆی نەزم و سیستمی جیهانی داهێناوە و پڕن لە کەموکورتی و کێشە و نەیانتوانیوە کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤ بە یەکجارەکی چارەسەر و بنبڕ بکەن! کەوابوو هۆشیاری ئاکاریی لێرەدا بچێتە ژێر چ بار و ئەرکێکەوە؟! جوولەکە بە دەر لە هەردوو ئایینە ئیبراهیمییەکەی دیکە، خۆیان بە ئایینی جیهانی داناوە و بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاتوون، باشە کەوابوو هەر لەم سۆنگەیەوە دەکرێ قسە لە نەزمی ئاکاریی جیهان بکرێ؟ جیهان بە نەزم و سیستمێکی ئاکارییانە دابنرێ؟! ئایا ئەمە نقووم کردنی خودی تاکی مرۆڤ نییە بە گشت حەز و ئارەزوو و مەیل و کەسایەتییەوە لەنێو دەریای بێ بنی دەستەجەمعی و کۆمەڵایەتیدا؟!

دانانی بنەماکانی ئاکار لە سێبەری هەژموونی ئاییندا مەبەست و ئامانجێکی پێشییانە دیاری کراوی لە پشتەوە تێیدا مرۆڤی ئاسایی سەپانی پووشە! ئەو ئەرکەی ئایین هەر لە ساتەوەختی سەرهەڵدانییەوە گرتوویەتییە ئەستۆ دیار و ئاشکرایە هەڵبەستنی پردی پێوەندییە لەنێوان مرۆڤ و ڕەبدا.

بابەتی ئاکار ئەگەر شتێکی نوێ دابهێنی، ئەوە لە سنووری ڕێژەیی و پێوەندی بە تاکەکانی کۆمەڵەوە ناچێتە دەرەوە و هەرگیز سروشتی ڕەهای نابێ! ئەو هۆشیارییە ئاکارییەی ئەو بابەتە، وەک بنەما و ڕێنمایی و ئامراز، جێگیری دەکات ئەوەیە کە دەکرێ ژیان و جیهانی سەردەم لەوە چاکتر و باشتر و بە فەرتر بن لەوەی کە هەن!


سەرچاوە و پەراوێز:

١٠ – غسان علاءالدين: الأخلاق عند اخوان الصفاء وخلان الوفاء، اللاذقية – سورية، ٢٠٠٣، ص٥١ فما بعد.

١١ – د. احمد محمود صبحي: الفلسفة الأخلاقية في الفكر الاسلامي، بيروت، ١٩٩٢، ط٣، ص٣٠٢ وفي اماكن آخرى.

١٢ – احمد امين: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣.

١٣ – مسكوية (أبو علي احمد بن محمد بن يعقوب الرازي: تهذيب الأخلاق وتطهير الاعراق، تحقيق و شرح د. نواف الجراح، دار صادر، بيروت، ٢٠٠٦، ص٩.

١٤ – ابن خلدون: المقدمة، بيروت، ٢٠٠٤، ص٥٠٦.

15 - Gulson, E., und Bohne, Phil: Christ Lische Philosophie. Padarborern 1954. S.337ff.